


## قادر ئەسعەد :لە هەموو دونیا شتێکی زۆر زۆر ئاساییە ئەگەر گۆرانیبێژێک سوود لە ئاوازی نەتەوەیکی تر وەر بگرێ

**ئا : ئاسۆ**

قادر ئەسعەد دە نگێکی دیاری هونەری کوردیەو یەکێکە لەو هو نەرمەندانەی کە توانیو یەتی بە کارە هونەریە کانی خزمەتێك بەهونەری کوردی بگەیەنێت و ئالا بە باشی زانی لەرێگای ئیمێلەوە

ئەم چاوپێکەوتنەی لەگەڵدا ساز بکات

ئالا : بەرێز کاك قادرئەسعەد بەرهەمی تازی بەدەستەوە یە

قادر ئەسعەد : **بەڵێ ئێستا سەرقاڵی بەرهەمێکی نوێم کە پێک هاتوو لە 11 گۆرانی، هیوادارم کە بتوانم لە دەرفەتێکی نزیکدا بڵاو بێتەوە ، چونکە زۆربەی کارەکانی تەواو بووە لە دابەشکردن و ئامادەکردنیان.**

ئالا: ماوە یەکی زۆرە هونەرمەندان نیگەرانن لەوەی بەرهەمەکانیان لەبازارەکانی کوردستان بە شێوە یەکی نایاسای کۆپی دەکرێت ئەمەش بەزەرەری هونەرمەندو قازانجی بازار تائێستا گەراوە تەوە من پرسیارەکەم ئەوە یە پیتان وانیە لا یەنی بەرس گوێبەمافی هونەرمەند نادات بۆیە تائیستا ئەم دیاردەی کۆپی کردنە لەبازارەکاندا چارەسەر ناکرێت

قادر ئەسعەد :**بێگومان ئەوە داخێکی گرانە کە چەندین ساڵە ئێمەو مانان پێوەی گرفتارین و دەساڵاتیش لە بێدەنگی و دەستەو ئەژنۆ دانیشتن هیچ هەنگاوی تری نەناوە ، خۆ خەریکە ئێمە شەرم لە خۆمان دەکەینەوە هێندەی باسی ئەو کێشەیە بکەین .من پێم وایە وەکو کێشەیی کارەباو نەوت و غازی لێهاتووە ، یان رەنگە کێشەی کۆپی لەلایەن دەسەڵاتەوە جێگای گرنگی پێدان نەبێت، ئاخر من دام نابوو جارێکی تر ئەگەر ئەم پرسیارەم لێ بکرێت وەڵامی نەدەمەوە ، بەڵام ئێوە وەکو رۆژنامەنووسێک بۆ بە دوواچوونێک ناکەن بۆ هەمیشە برینەکانمان دەکلێننەوە.**

ئالا: باز لەوە دەکرێت کەبەشێك لەهونەرمەندان بەتایبەتی هونەرمەندە لاوەکانبەکۆپیکردنی ئاوازی تورکی و فارسی خەریکە هونەری گۆرانی کوردی دەشێوێنن تۆلەم بارەیەوە چی دڵێیت

قادر ئەسعەد :**لە هەموو دونیا شتێکی زۆر زۆر ئاساییە ئەگەر گۆرانیبێژێک سوود لە ئاوازی نەتەوەیکی تر وەر بگرێ ،بەڵام بە مەرجێک ئاماژەی پێ بکات ، من نازانم لە وڵاتی ئێمە چی قەوماوە باس هەر ئەو باسەیە ، وەکو ئەوە بێت ئێمەی کورد هەموو گرفتەکانمان چارەسەر کرا بێت ، تەنها و تەنها ئەم گرفتەمان هەبێت ، زۆرم لە سەیرە خاڵکانێک لە گۆڤارو رۆژنامەکاندا تاکو ئێستا دەیانەوێ بازرگانی بەم بابەتانە بکەن ،کە گومان نیە سەریشیان لە هیچ دەر ناچێ ، چیت پێ بڵێم هاورێ زۆر بەدبەختین.**

ئالا : ئەوەندەی من ئاگاداربم هونەرمەندانی کورد بە تایبەتیش هونەرمەندانی دەرەوەی وڵات شەرێکی رانەگەیەنراو لەبینیانداهەیە پرسیارەکە ئەوەیە ناکۆکی هونەرمەندان لەدەرەوەی وڵات زیان بە هونەری کوردی ناگەیەنێت

قادر ئەسعەد: **من شتی وام گوێ لێ نەبوە تاکو ئێستا ، بۆیە ناتوانم رایی خۆمت پێ بڵێم ، بەڵام من دەڵێم بە هەموومان لە بیروو بۆچونەکان جیاواز بین ، بەڵام رێز لە یەکتروو راکانی بەرامبەرمان بگرین.**

ئالا : ماوەیەکە لەلایەن حکومەت و کەناڵەکانی راگەیاندنەوە چەندین هونەرمەند بانگ هێشت دەکرێنەوە بۆکوردستان وە ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەوجیگایانەی کە ئەو هونەرمەندە بانگ هێشت دەکەن وابەئاسانی رێگە بەو هونەرمەندە نادەن کە لەگەڵ کەناڵەکانی دیکەی راگەیاندن دیدارو چاوپێکەوتن بکات وە زۆربەی ئەوهونەرمەندانەشی کەدینەوە لەباتی ئاهەنگ بۆخەڵکی هەژارو لاوان بکەن دەبینرێت کە لە هۆتیلەراقیەکان و ماڵە بەرپرسەکان ئاهەنگ پێت وانیە ئەمە زیان بەکەسێتی هونەرمەند دەگەیەنێت ؟

قادر ئەسعەد ::**تۆ دەتوانی ئەم پرسیارە ئاراستەی شوێنی مەبەست و دیاریکراو بکەیت، هونەرمەندیش ئازادا لەوەی کە دیدارو چاوپێکەوتن لە گەل کێ و چ لایەنێک ئەنجام دەدات ، بەلآم من پێم وایە سەرکەوتنی کەسایەتی هونەرمەند لە خاکی بوونو ڕۆشەنبیری خۆی دایە.**

بە یەك دێر ئەم پێ ناسانە بكە

**حزبەکانی کوردستان/ بوونی حزب بە شتێکی ڕەوا دەزانم بۆ ڕێکخستن وبەرنامە ڕێژی ئادیۆلۆژیاکانی ، بەمەرجیک لە خزمەتی گەل و نیشتمان بێت.**

**کارەبا/ ژیان ،کۆمەڵگایکی سەردەم و پڕ لە شارستانیەت ، بەداخەوە نیشتمانی من بێ کارەبایە لەم سەردەمەدا.**
**تاریکی کوردستان/ پلانێکە دوژمنانمان هەوڵی بەردەوامی بۆ دەدەن، خەتای خۆشمانی تێدایە قسەی خۆمان بێت .**
**خۆشەویستی/دڵی مرۆڤ ڕوناک دەکاتەوەو گوڵێک لە ماڵەکانمان دەچێنێت.**
**هەژاری/ هەرچەندە دەردێکی کوشندەیە بەلآم فێری ژیانێکی سەربەرزو پڕ لە وێژدانمان دەکات.**

**قەڵەم/بۆ نووسینەوەی مێژوێکی پڕلە سەروەری ڕاستیەکان تەرخان بکە .**

**نان/خەمی برسیبونی هەموومان وخەونی سبەی هەژاران.**

**هەندەران/کەسایەتێکی غەریبیی پێمان بەخشی و ئاوێزانی فرمێسکو گرانی کردین.**
**ڕۆژنامەنووس/ دەنگی هەموومان و چاوێکی هەمیشە بە خەبەر.**
**گەندەڵی / لە خەڵکی گەندەڵ بپرسە ، ئەو لەزەتی لێ کردووە.**